# هەلکوتانە سەر بارەگاکانی یەکگرتوو نیشانەی ترسی هەرزەییە!!!

# ئەو هەرزەیەی لەناخەوە هەست بە پێگەیەکی پتەو ناکات!!!!

**ئازاد قەزاز**

ئەم دۆخەی ئێستای کوردی تێکەوتووە و ناونراوە دیموکراسی , ناولێنانێکی چەواشەکراوە . هەروەك لە نوسینێکی تریشدا ئاماژەم پێداوە ئەم دۆخەی کوردستان و عێراق بە گشتی ناوی –پێش دیموکراتی– م لێناوە . مەبەستیشم لەوە ئەوەیە پەراوێزێ لە ئازادی درووست بووە کە مرۆڤ بتوانێ تێیدا ببزوێت و بووەتە هۆی دروست بوونی ڕۆشنبیریەك کە باس لە دیموکراسی بکات . حالەتێك دروست بووە کە تاك و کۆمەل خوازیاری دیموکراسیە . بەلام دیموکراسی بوون وممارەسە کردنی ماوەیەکی زۆری دەوێ تا لە دایك دەبێ .

لەبەر ئەم هۆکارەی سەرەوە ئیتر بە تەمانیم نە پارتەکانی کوردستان و نە عێراقیش, بە تایبەتی پارتی و یەکێتی و نە جەماوەریش بەرگەی گەمەی دیموکراسی بگرن .

گۆڕانکاری بەرەو دیموکراسی وەك هەموو گۆڕانکاریەکی تر بە دووئاقاردا دەڕوات .ڕوویەکیان ئاسانە ڕووەکەی تر زۆر سەختە و زەمەنێکی دورودرێژی ئەوێ .

<u>ڕووە ئاسانەکەی بڕواهێنانە</u> ( شایەتمان هێنان ) واتە لەبەر ئەوەی لە دنیای ئەمڕۆدا جوانی و چاکی دیموکراسی دەنگی داوەتەوە و سەلمێنراوە . بۆیە کەس ناتوانێ نەلێت (( بەلێ ئەوا شایەتی بە هەق دێنم کە دیموکراسی پێویستە )) .

<u>ڕووە سەختەکەی ممارسەکردنە ئەو ساتەوەختەیە کە ڕاستگۆییت بۆ ئەو دروشم و شایەتمانە تێدا دەرکەوێت .</u>

چۆنیەتی ممارسەکردنی سیاسەتی ئیمڕۆی پارتەکانی کوردستان و عێراق و چۆنیەتی ژیانی تاك و جەماوەر و مامەلەکردنیان لەگەل یەکتر ڕاستی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەسەلمێنن کە دیموکراسی لای ئێمە تائێستاش شایەتمانە.پانزە سال لە دیاردەی دزێوی و شەڕ بەیەکتر فرۆشتن لەسەر دەسەلات بۆتە مۆتەکەی ناو کوردستان . شەڕی برا کوژی بە هەموو شێوەکانیەوە, یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی , پارتی و یەکێتی, بەزم و ئاژاوەی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی لەناو خۆیدا, شەڕی ئەنسار و یەکێتی و ئەمجارەش ئەو هەلکوتانەسەرەی سەر بارەگاکانی یەکگرتوو .هەمووی دیاردەی ئەو پێکهاتە دەروونیە نەگۆڕاوەیە کە بە دیکتاتۆریەتی و زۆرەملێی پەروەردە بووە .

هیچ پارتێك وەك –پارتی دیموکراتی کوردستان – ناوی دیموکراتی لە خۆ نەناوە و بەشان و شەوکەتیدا نالێت کەچی بەرگەی ئەوەی نەگرت پارتێك بە جیا بەشداری هەلبژاردن بکات .

هیچ پارتێك هێندەی پارتی بە دەنگی بەرز شایەتمانی بۆ دیموکراسی نەهێنا ,کەچی نەیتوانی یەك نوێژ بۆ دیموکراسی بکات. جەماوەرێك یان پارتێك بەرگەی ئەوە نەگرێت کە پارتێکی تر خۆی بە جیا بچێتە پرۆسەی دەنگدانەوە, بەرگەی چیتر دەگرێ؟!

لە هەمان کاتتدا من کەئاواش دەلێم, ئەگەر بە حەز و بۆچوونی خۆم بوایە, بەلامەوە باش نەبوو یەکگرتووی ئیسلامی لەم کاتەدا بڕیاری جیابوونەوە بدات. یەکگرتوو چەندسالە بەرگەی سانسۆر و پالەپەستۆی ئەودوو پارتە زلهێزە دەگرێت با ئەمجارەش لەم کاتە ناسکەشدا بەرگەیان بگرتایە. چونکە کورد لە بار و دۆخێکی بە نەتەوە بووندایە,زیاتر لەوەی لە بارودۆخێکی دیموکراسی بووندا بێ. مرۆڤی دیموکراس مرۆڤێکە لە قۆناخی کامل بووندایە نەك قۆناخی هەرزەیی. بەلام کورد گەر نەلێم هێشتا منالە بە ئاسانی دەلێم لە قوناخی هەرزەکاریدایە. جگە لەوەش جەماوەری ئێمە پێویستیان بە گۆڕانکاری دەروونی هەیە تا بتوانن دادوەرانە لە ڕوودا و دیاردەکان بڕوانن.

من کاتێك لێرەدا ئیدانەی ئەو سەرهەلکوتانە دەکەم و پالپشتی خۆم بۆ یەکگرتوو دەردەخەم , بۆ ئەوە نیە کە من لەگەل یەکگرتوودا بم . من لێرەدا یەکگرتوو وەك پارت سەیر ناکەم, بەلکو وەك چەند مرۆڤێك کە مافی ئەوەیان هەیە لە بڕیار و دەربڕینەکانیاندا ئازاد بن.

بەلام بە خۆداچونەوەش کارێکی پێویستە بۆ یەکگرتوو , کە بزاڤێك بە ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامیەوە ناتوانێ گوزارش لە کێشەی نەتەوایەتی کورد بکات . کورد شوێنێکی دێشێت و بزاڤە ئیسلامیەکان شوێنێکی تری بۆ دەشێلن . وەنەبێ پارتە نەتەوایتیەکانیش توانیبێتیان ئەو شوێنە بە ئازارەی کوردیان سارێژ کرد بێت . بەلام, چونکە ئەوان دەسەلاتی سیاسی و ماددی و مێژوییان بەدەستەوەیە دەتوانن ئاراستەی شەقامی کوردی و جەماوەر بکەن . کۆمەلگەی ئێمە هێشتا هێندەی بەرژەوەندخوازە, مەبدئخواز نییە. گۆڕانکاری لەم حالەتەوە بۆ ئەو حالەتەی تر کار و کاتی زۆری دەوێ و ئەو گۆشەنیگایەش کە لێیەوە هەنگاو دەنێیت بۆ سەرگرتنی پرۆژەی چاکسازی تا بلێی گرنگە. ئەگەر ئەم وتەیەی سەرەوە بکەم بە هاوکێشەیەکی وەك تێکست و کۆنتێکست ئەوا دەلێم نە تێکستی یەکگرتوو بە کۆنتێکستی

**کوردی دەخوات و نە کۆنتێکستی ئێستای کوردیش لەخزمەتی نەتەوەی کوردایە. لێرەدا مرۆڤێکی کوردی هوشیار زۆر بەزەحمەت بڕیاری بۆ دەدرێت دەنگ بدات یان نا! من لەلایەن خۆمەوە زۆر بەزەحمەت ئەو بڕیارەم بۆدرا کە دەنگ بدەم و ئەمجارەش دوا هەل بە پارتە کوردیەکان بدەم بە ئومێدی ئایندە و بەرەو کامل چوون.**

Azad60@hotmail.com